# غەفور حەسەن لە پۆلیسی سلێمانی بەهێزترە

ئارام گەردی
aram_mmmm@yahoo.com

دوای دوور کەوتنەوەی زیاتر لە پانزە ساڵ لە زێدی خۆی ،مامۆستا حەمەسەعید حەسەن ، لە گەشتێکی رۆشنبیریدا بە شارە ئازیزەکەی سلێمانی شادبۆوە .

وەکو ئەوەی سلێمانی ،قەندەهار بێت ، وەکو ئەوەی پۆلیس لەو وڵاتە بوونی نەبێت ، چەشنی ئەوەی مافیا لە سلێمانی باڵادەست بێت ، بە رۆژی رووناك و لە قەرەباڵغترین شوێنی شاردا ،تەقە لە بەناوبانگترین نووسەری کوردستان دەکرێت و دەسەڵاتیش تا ئەو لەحزەیە ناتوانێت ،یان (خوانەخواستە حەزناکات) تۆمەتبار دەستگیر بکات ، ئاخر تۆمەتبار نەك ئاشکرا نییە ،بەڵکو بە حەرفی درشت و بە ناوی ئاشکرا دەپەیڤێت و دەڵێ خۆمم ، ئەم تاوانەم ئەنجامداوە .

ئەرێ گەلۆ ، با تۆمەتبار چەکداری یەکێتی بێت ،داخۆ ئەمە قەت ئەوەیان بیانووی ئەوە بەدەستەوە دەدات،شکۆی یاسا بشکێنێت و دەسەڵاتدار لەوێ نەرمنیانی لەگەڵ بنوێنێت .

خوازیارم لە پشت ئەو تەقەلێکردنەی مامۆستا و بریندارکردنی ،هیچ گومانێك لای من و خەڵکی تر درووست نەکات .

لەوە گەڕێ حەمەسەعید حەسەن کەسێکی نەخواستراوە لە لایەن دەسەڵاتی ئەوێ ،بەڵام چۆنە تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆ و دامو دەزگاکانی پۆلیس ، بەرگری لە پۆلیسێکی هاتوچۆی خۆی ناکات ، کە ئەویش بووە قوربانی گوللەکانی تۆمەتبار ؟!

دەسەڵات لەوێ و پۆلیس ئەگەر بیانەوێ ، مێروولە لە شاری خۆی دەردێنن ، شوورەیی نییە بۆیان دوای دوو سێ هەفتە بەسەر رووداوەکە ، تۆمەتبار مۆبایلی دانەخستبێ و لەناو بازنەی ئاخافتن دابووبێت ،باشە ئەو تەکنەلۆجیایەی لە دەزگاکانی ئەمنیدا هەیە ، خێرە ناتوانێ شوێنگەی تۆمەتبار ئاشکرا بکات ؟

دەستگیرکردنی تۆمەتبار ، بەرگری کردن نییە لە خودی حەمەسەعید حەسەن ، بەڵکو بەرگری کردنەی لە سەروەری یاسا و پیرۆز راگرتنی شکۆی دادپەروەری ، ئەوە کارەساتێکی جەرگبڕە تاوانبار سەرەڕای تاوانەکەی ، کەسێ نەبێت پێی بڵێ پشتی چاوت دوو برۆیە .

دەستگیرنەکردنی تۆمەتبار تا ئەو لەحزەیە زەنگێکی مەترسیدارە و وەستانێکی هەڵوێست وەرگرانەی گەرەکە ، دەبێتە پەڵەیەکی رەشیش بە تەویڵی پۆلیسی ئەو شارە .

لە کۆتایی گەرەکمە بێژم ، چەندی تۆمەتبار زووتر دەستگیر بکرێت ،درەنگە .